# کۆنە کورتەك و شەرواڵ و
# فیشەك دانی خوازراوە

**سەباحەت تاهیر**



لە گەرمە گەرمی بەزم و هەرای تەمووزی (1958) دایکی شۆڕشگێڕێکی ئەو کات سەر بە ماڵی (ئاغاییەکی لێ کەوتوو) دەکات , تا( بەدلەی بوکێنی) ئاغاژن بۆ نۆ بووکی کوڕە شۆڕشگێڕەکەی بخوازتەوە ... کە دایکی نۆزاوای شۆڕشگێڕ داخوازییەکەی عەرزی (ئاغاژنی لێکەوتوو)دەکات , ئاغاژن بە توڕەییەوە دەڵێ: ( ئەرێ یا فلان ...چما ئەم هەم و بەزم و رەزم و هەراو شۆڕش وشۆڕشانێیە تان کرد تا (کۆنەبەدلە) ی ئاغاژن لە بەر بووکە تازەکەتان بکەن.؟؟!!............

من لەوە دڵنیانیم داخوا شۆڕشگێڕەکەو بووکەکەی بە( کۆنە بەدلە) ی ئاغاژن شاد بوون یان ئەم ئاواتەیان لە گەڵ تەمەنی کورتی شۆڕش بوو بە حەسرەت ؟!! بەڵام....نیشانە بە قسەی ئاغاژن شۆڕشی زورینەی وڵاتە بەخت رەشەکانی دنیا بۆ ( نۆبووکەکانیان)(کۆنە بەدلە)ی کۆنە ( ئاغاژنی لێ کەوتوو) دەخوازنەوە .

من لێرە مەبەستم نییە بە هیچ جۆرێك تێکەڵی ئیشی پیاوان بم (گوێ رایەلیم بۆ نەسیحەتاکانی دایکم) بەڵام من کەژنم ماڤی خۆمە بڵێم یا خوا بزوتنەوی ژنان بەم دەردە کوشندەییە نەبەی ... یاخوا ژنان چیتر ..کۆنە کورتەك و شەروال و فیشەك دان و کلاشینکۆف)ی پیاوان نەخوازنەوە !